بەفرمی دەستپێکردنەوەی کارکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا ڕاگەیەندرا



ئەمڕۆ چوارشەممە، وەزارەتی گواستنەوە دەستپێکردنەوەی کارکانی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا ڕاگەیاند، و هاوکات ئامادەیی فڕۆکەخانەکەی پشتڕاستکردەوە بۆ وەرگرتن و ناردنی گەشتیارکان بەشێوەیەکی بەردەوام.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی موتەعە کوتووە، دەڵێت: فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداد بۆ وەرگرتنی دوو گەشتی هێڵی ئاسمانی میدل ئیست و هێڵی ئاسمانی تورکیا دەستی بە کارکانی کردووەتەوە، هاوکات هێڵی ئاسمانی عێراقی پێنج گەشتی ئەنجامداوە کە چوار گەشتیان تا ئێستا تەواو بووە، دیارترینیان گەشتکە بۆ عەممانی پایتەختی ئوردن.

ئاماژە بەوەشکراوە: پێشبینی دەکرێت سەرجەمی هەفتەی داهاتوو شاهیدی زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی گەشتکانی هێڵی ئاسمانی عێراقی بین، و ڕونیشیکردەوە: فڕۆکەخانەی بەغدا ئامادەیە بۆ وەرگرتن و ناردنی گەشتکان بە شێوەیەکی بەردەوام.

ئاشکراشیکرد: وەزارەتەکە پێشبینی دەکات فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا شایەتحاڵی زیادبوونی ژمارەی گەشتکان بێت، چ بە هێڵی ئاسمانی نێودەوڵەتی و چ بە هێڵی ئاسمانی نیشتمانی، لەگەڵ جەختکردنی ژمارەیەک گەشتی ناوخۆیی هێڵی ئاسمانی عێراقی و پێنج گەشتی نێودەوڵەتی دیکە.

راشیگەیاند: فەکەخانەی نەودەوەتی بەسرە بەردەوامە لە چالاکییەکانی، لەگەڵ ژمارەیەك گەشتی ئاسمانی، ئاماژەی بەوەشکرد: چاوەڕوان دەکرێت لە ڕۆژانی داهاتوودا شاهیدی زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی گەشتە هاتوو و ڕەشتەکان بێت، لەگەڵ ئەوەی کە کەمپانیای گواستنەوەی نیشتمانی وردە وردە گەشتەکانی بە هەموو ئەو شوێنانە دەستپێدەکاتەوە کە کە گەشتەکان دەیگرێتەوە.